## هونەرمەند ئەحمەد جۆلا بۆ گولان:

# هەندێ جار بە کۆمیدیا شۆڕشێکی گەورە بەرپا دەکرێت




**هونەرمەندئەحمەد جۆلا ماوەی سی ساڵە لە خزمەت هونەری نواندندا کاردەکات و ئەکتەرێکی لێهاتوو و دیارە لە بواری هونەری نواندندا بە تایبەتی هونەری کۆمیدیا و یەکێکە لە ئەندامانی گروپی بەرنامەی بەرنامە کە لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات پێشکەش دەکرێت، لە بەسەرکردنەوەیەکی گۆڤاری گولان بەم شێوەیە بۆمان هاتە ئاخافتن و وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** سەرەتای کاری هونەریت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

- سەرەتاکانی کارکردنم و ئاشنا بوونم لەگەڵ هونەری نواندندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩ کە لەگەڵ کاك دڵشاد ئەحمەد بۆ یەکەم جار (بروسکەیەك بۆ شاکیلا) مان ئامادەکرد کەشانۆگەرییەك بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەوا کاك ئەحمەد بوو بە پێشمەرگە نەمانتوانی پێشکەشی بکەین، ئیتر من چوومە تیپی هونەری میللی و لەبواری نواندندا دەستم بەکارکرد.

*** چی تۆی بە هونەری نواندندا گرێ دا؟**

- حەزو ئارەزووی تایبەتی خۆم بوو منی لەگەڵ هونەردا نزیك کردەوە.

*** وەستان لەسەر تەختەی شانۆ بۆ تۆ چ مانایەکی هەبوو؟**

- لەڕاستیدا هەستم کرد کەوا بەرپرسیارییەتییەکی گەورەم لە ئەستۆدایە لەگەڵ ئەوەشدا هەستم بە خۆشییەکی زۆر کرد کەوا جەماوەر هاتن بۆ بینینی کارەکانمان و زۆر هانیان دەدایین بەتایبەتی لەو کاتەدا کە ئێمە خاوەن کێشەیەکی سیاسی و نەتەوەیی بووین ئێمە هەوڵمان دەدا بە شانۆ دەربڕی هیوا و ئاوات و ئێش مەینەتییەکانی گەلەکەمان بین.

*** ئەو کاتە پێگەی هونەری نواندن چۆن و لەچ ئاستێکدا بوو؟**

- من دەڵێم ئەو کاتانە ڕۆژگاری زێڕین بوو بۆ شانۆی کوردی هەرچەند لەو کاتەدا لە بواری هونەری درامادا هونەرمەند نەیدەتوانی کارێکی وا پێشکەش بکات کە لە ئاستێکی باشدا بێت لەبەر ئەوەی بەردەوام کارەکانمان سانسۆری لەسەر بوو لەکاتی کارێکدا دەبوو سیناریۆکە بنێرێتە دائیرەی ئەمن و ئەوان ڕەزامەندی لەسەر بدەن ئەو کاتە دەمایەوە سەر هونەرمەندەکە کە چۆن خۆی ئیزافەیەك بۆ سیناریۆکە بکات و بارودۆخەکە تا ڕادەیەك بورووژێنی کە بتوانی باسی کێشەی نەتەوایەتی بکات.

دیمانە سۆران مارف کەریم
Soran_marf1980@yahoo.com



* **باشە ئێستا کاتەکە زیاتر لەبارترە بۆچی تەنها ساڵانی هەشتاکان بەسەردەمی زێڕین ناو دەبەن؟**

- لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو کاتە خاوەنی کێشەیەك بووین، کەشۆڕش و خەبات و ئازادی نەتەوەکەمان بوو و هەموومان تامەزرۆی ئەو شۆڕشە بووین، هەندێك جار شانۆگەرییەکمان نمایش کردووە لەدوای شانۆگەرییەکە خۆپیشاندان ڕووی داوە بەڵام ئێستا زیاتر وەکو کورد کێشەی بچوکمان هەیە، چونکە کێشە گەورەکە کە ئازادی و رزگاری بوو چارەسەرمان کرد.

* **تۆ یەکێکی لە ئەکتەرەکانی بەرنامەی بەرنامە بەشداریکردنی تۆ لەو بەرنامەیەدا چۆن بوو و پێت وایە بەرنامەکە چ ئامانجێکی هەیە؟**

- من لە یەکەم ئەڵقەی بەرنامەی بەرنامەدا کارم کردووە، دروست بوونی ئەم بەرنامەیەش بیرۆکەی کاك ( بارزانی قالەی خەڵوز ) بوو، ئەم بەرنامەیە کە بەرنامەیەکی ڕەخنە ئامێزە هەوڵ دەدات بۆ خستنەرووی کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگە منیش حەز بە بەشداری کردنی ئەم جۆرە کارانە دەکەم هەست دەکەم کە خزمەتکردنە بە هاووڵاتیان و نەتەوەکەم.

* **ڕۆڵی تۆ لەبەرنامەی بەرنامەدا زیاتر کۆمیدییە بۆ ئەم ڕۆڵەت هەڵبژارد هەست دەکەیت تۆ زیاتر لەم ڕۆڵانەدا دەتوانی خزمەت بگەیەنیت یان چی؟**

- من هەست دەکەم زیاتر لە ڕۆڵی کۆمیدیا سەرکەوتووترم، لە کۆمیدیادا هونەرمەند دەتوانێ زۆر شتی تر بڵێ من پێم وایە لە کۆمیدیا دەتوانی شۆڕش بکەیت، هەروەها دەتوانی ڕەخنە بگریت و زۆر کێشەی بووروژێنی.

* **کەواتە پێناسەی تۆ بۆ هونەری کۆمیدیا چییە؟**

- من پێم وایە ئەکتەر دەتوانی بە کۆمیدیا خزمەتی زۆر گەورە بگەیەنیت بۆ چاکسازی لە کۆمەڵگەدا.

* **پێت وانییە ئەکتەر دەبێ هاوسەنگی ڕابگرێت لەنێوان هەردوو هونەری کۆمیدیا و هونەری تراژیدیا واتە لە هەردوو بوارەکە ئەزموون و تاقی کردنەوەی هەبێت؟**

- مەرج نییە ئەکتەر لە هەردوو بواری تراژیدیا و کۆمیدیا تاقی کردنەوەی هەبێت هەرچەند من جگە لەکۆمیدیا کاری ترم کردووە، بەڵام هەستم کردووە زیاتر لە کۆمیدیا سەرکەوتووترم و من هونەری کۆمیدیام زووتر بۆ بەرجەستە دەبێت و دەتوانم خۆمی لەگەڵدا بگونجێنم.

* **لە بەرنامەکەتاندا تووشی گیروگرفت نەبوونەتەوە؟**

- لەبەر ئەوەی بەرنامەکە ڕاستەوخۆ شوێنی مەبەستی پێکاوە هەموو کارەکان کە کراوە ڕاست و بەبەڵگە بوون، ئیتر چ گرفتێك تووشی دەبین وەکی دەتوانی سزامان بدات یان گرفتمان بۆ دروست بکات کارێکی ئاساییە، ئەگەر بڵێیت تووشی هیچ گرفت نابین ڕەنگە ئەمە وانەبێت، چونکە هەمیشە لە کاری ئێمەدا گیروگرفت هەیە و تووشی گیروگرفت بووینەتەوە، بەڵام شتێکی وانەبووە.

* **هەڵبژاردنی حیوارەکانی تۆ لەسەر خواستی خۆتە یان ئامادەکاری بەرنامەکە ڕێنماییت پێدەدات؟**

- جاران بەشێوەیەك بوو کە لەسەر خواستی خۆم بێت، بەڵام ئێستا تەنها دیمەنی مەکتەبەکە نەبێت کەوا کاك د.شێرکۆ عەبدوڵڵا دیاری دەکات ئەوانی تر دەرهێنەری بەرنامە مستەفا ئەحمەد ڕۆڵەکان دیاری دەکات.

* **ئەرشیفی هونەریتان ئێستا گەیشتۆتە کوێ؟**

- من تا ئێستا بەشداریم لە زۆر کاری هونەری جیاجیادا کردووە لەوانە لە ساڵی ١٩٨١ (شەوێك لەژیانی خانزاد) و لە ساڵی ١٩٨٩ (بووکی ژێر دەواری ڕەش)، موشاغەبە (کلیلی مێژوو) (مریەم کۆشك و کەلاوە) مان پێشکەشکرد کە لە دەرهێنانی هونەرمەندی کۆچ کردوو کامەران ڕەفیق بوو، لە ساڵی ١٩٩١ (ئەنگوستیلە) و لە ساڵی ١٩٩٢ (گڵکۆی تازەی لەیل)مان ئەنجام دا، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٦ شانۆگەری (مۆرانە) مان کرد،لە ساڵی ١٩٩٧ (یاداشتەکانی سوڵتان محمود و خولە پیزە) ولە ساڵی ١٩٩٨ وە لە بەرنامەی بەرنامەدا بە بەردەوام کار دەکەین جگە لەوەی بەشداریم لە چەند شنۆگەرییەکدا کردووە لەوانە شانۆگەری (سەعاتی سفر) و شانۆگەری (ئەبێت هەر بێت) و فیلمی (یاخیبوونەوەی ستار) و چەندین بەرهەمی تری هونەری جیا جیا.

* **تۆپێت وانییە ڕکابەرییەك هەیە لەنێوان هونەرمەندان؟**

- بێگومان ڕکابەرییەکی زۆر هەیە، خۆزگە غیرەو ڕکابەری نەدەما لەناو هونەرمەندان با هونەرمەندان ڕەخنەی بنیاتنەر لەیەکتری بگرن نەوەك ڕەخنەی ڕووخێنەر کە زۆر جار لە ڕەخنە دەردەچێتە قالبی کەسایەتی.

* **تۆ ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیر کرای هۆکارەکەی چی بوو؟**

- برایەکم پێشمەرگەبوو لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیر کرا هەر لەبەر ئەوەش هەمان ڕۆژ براکەم شەهید کراو هاتن خانووەکەیان ڕووخاندین و هەموو ئەندامەکانی خێزانی ئێمە دەستگیر کراین لەلایەن ڕژێمەوە باوکیشم هەر لەبەندیخانەدا کۆچی دوایی کرد.

دەمەوێ ئەوە بە هونەرمەندان و سەرپەرشتیاران و بەرپرسان بڵێم ئەو هونەرمەندانە لەبیر نەکەن کە چوونەتە تەمەنەوە و هەموو تەمەنی خۆیان بە هونەری کوردی بەخشیوە و ئێستا کەنەفتن،ئاگاتان لێیان بێت بە سەریان بکەنەوە، چونکە ئەوان بناغەیەکی پتەویان بۆ هونەری کوردی داڕشتووە و مامۆستای ئێمە بوون و ئێمە ڕێگای ئەوانمان گرتووە.



## مامۆستا وریا ئەحمەد:

# پێویستمان بە پەیمانگایەکی تایبەت بە مەقام و ڕەزمی کوردییە

**مامۆستا وریا ئەحمەد یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەتکردنی گۆرانی و موزیکی کوردی تەرخان کردووە، لەسەردەمی شۆڕش و خەباتی چەکدارییەوە هەر خولیای گۆرانی و موزیك بوو، لەسەردەمی ئازادی و ڕزگاریشدا هەرچەندە ماوەیەکی تەمەنی لە هەندەران بەسەر برد، بەڵام هەر بەردەوام بوو لە خزمەت کردنی هونەری کوردی، لەم ژمارەیەدا بە پێویستمان زانی چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی تیپی هونەری هەولێر لەگەڵ مامۆستا وریا هەڵ بدەینەوە و هەندێك باس لە ئێستای هونەری کوردی بکەین.**

دیمانە/ خەلیل بلەیی
xalil2001@yahoo.com

**سەرەتا دەربارەی مێژووی موزیك و ئامێرەکانی لە شاری هەولێر گوتی:** لە ساڵی ١٩٨٩ کتێبێکم دەربارەی ئامێرەکانی موزیك بڵاوکردووەتەوە وچەند ساڵێك لە ئەوروپا بووم و چاوم بە ژمارەیەکی زۆر لە کوردی هەموو پارچەکان کەوت تا رادەیەك زانیاریم هەیە، هەولێر شارێکی کۆنە و نزیکەی ٥ هەزار ساڵ دەبێت ژیانی تێدابووە، بێگومان هەولێرو هەموو کوردستان موزیکی تێداهەبووە، قەشە تۆمابوای فەرەنسی کە رۆژهەڵات ناسێکە دەڵێ: لە سەردەمی ساسانییەکان بەر لە پەیدابوونی ئایینی ئیسلام شارستانییەتێکی زۆر گەورەی گۆرانی و موزیك لە کوردستان هەبووە تەنانەت میللەتانی دەوروبەر سوودیان لە موزیکی کوردی بینیوە، هەروەها مامۆستا شاکر فەتاحیش دەڵێ: جاران نەفام ونەزانەکان وایان پیشانی خەڵکی سادە دەدا کە گۆرانی و موزیك بە هەموو شێوەیەك حەرامە، کەچی ئەمڕۆ ئێمە دەبینین موزیك ناسنامەی گەلانە و زمانێکی جیهانییە، زۆر میللەت هەن لەسەر ئاستی جیهانی لە ڕێگای موزیك و هونەرەکەیانەوە دەناسرێن و ناوبانگیان هەیە، بۆ نموونە لە موزیکی راپ و پۆپی ئەمریکی سوودێکی زۆریان لە تەپڵی هیندی بینیوە هەر بۆیەش زانیاری تەواویان هەیە دەربارەی گەل و هونەری هیندی.

لە شاری هەولێر بەدەیان موزیکژەنی بەناوبانگی تێدا هەڵکەوتووە بۆ نموونە سەیدە کۆرە، من زۆر جار گووتومە ئەگەر سەید کەریمی کوڕی سەیدە کۆرە کورد نەبووا ئەواپەیکەریان بۆ دروست دەکرد، هەروەها خدر مەرجان، سەعدی نادر، حەمە سور و چەندانی دیکە ئەمانە هەموویان موزیکژەنی زۆر بە توانا بوون لە شاری هەولێر، هەرچەندە مخابن ئەو کات بە چاوێکی سووك سەیری هونەر و هونەرمەندان دەکرا تەنانەت کەس ئامادە نەبوو ژن و ژنخوازیشیان لەگەڵدا بکات، بەڵام ئەوان لەبەر دڵسۆزییان بۆ هونەری میللەتەکەیان هەر بەردەوام بوون لە کاری هونەری.

*** با بێینە سەر باسی چۆنیەتی دامەزراندنی تیپی هونەری هەولێر؟**

- لێرەدا پێویستە ئاماژە بە راستییەك بکەم، من دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول گەڕامەوە کۆیە سێ مانگ لەوێ بووم، لە هەولێر پێیان گوتم خولێکی موزیك لە بەغدا دەکرێتەوە، بەڵام پێویستە بێی بۆ هەولێر ئینجا دەتوانی بەشداری تێدا بکەی، منیش ئەوەندە تینووی موزیك بووم بۆیە ناچار بووم بێم بۆ هەولێر ئەو کات تیپەکە لە لایەن مامۆستایان جەمال هیدایەت و سوڵتان عەبدوڵڵا و تەحسین تەها دامەزرابوو، دەبوایە سێ کەس بڕوانامەی پەیمانگایان هەبێت و پێنج ساڵیان بەسەردا تێپەڕی بێت ئینجا مۆڵەتی دامەزراندنی تیپیان پێ دەدا، بەرهەمەکانی ئەو کاتی تیپی هەولێر لەرووی تێکست و موزیکەوە لاواز و کرچ و کاڵ بوون، دوای ئەوەی من لە خولەکە لەسەر ئاستی عێراق یەکەم بووم بە مامۆستا جەمال هیدایەتم گوت پێویستە ئەم تیپە فراوانتر بکەین هەر ئەو کات خولێکی نۆتەم بۆ موزیکژەنەکانی تیپ کردەوە لەوانە مونعیم مەزهەر، جەمال عوسمان،جەودەت شاکر،تەلعەت عارف،قادر عەزیز، فازل میکائیل تەنانەت پێشنیارم کرد هەندێکیان چیتر کەمان نەژەنن، چونکە بە هەڵە کەمانیان دەژەنی، هونەرمەندان سەید ئەحمەد بەرزنجی و شێرزاد عوزێری لە سیگۆشەی سنووری عێراق و ئێران و تورکیا بوون، جان تۆماس لە هاودیان بوو،کامەرانی برای تەحسین تەها و شەریف جەرجیس و جەودەت هاشم و جەلیل خەلیل ڕەنجبەر خۆشناو کە هەموویان مامۆستا بوون هەوڵماندا بیانهێنینەوە بۆ ناو چالاکی قوتابخانەکان لە هەولێر، هەروەها منداڵی کوردمان فێرە موزیکی کوردی کرد، یەکەمین چالاکیمان لە رۆژی جیهانی موزیك بوو لە ساڵی ١٩٧٧ منداڵان بە جلوبەرگی کوردی گۆرانییان گوت لە هۆڵی گەل بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر هەر ئەو کات ئێمە لە چالاکی قوتابخانەکان دوو جار توانیمان لەسەر ئاستی قوتابخانەکان



یەکەم بین لە ئۆپەرێت و تیپی منداڵان.

*** گرنگترین چالاکییەکانتان چی بوون ؟**

- چەندین کاری هونەریمان بۆ هونەرمەندان ئەنجامدا لەوانە بۆ هونەرمەندان حەمە جەزا، عارەب عوسمان، قادر زیرەك،سامان كەركوكی، كاوە ژاژڵەیی،جەبار ئەحمەد،جەعفەر سەلیم، قادر كابان كە لە سلێمانییەوە هاتبوو ئەمەش مایەی شانازییە بۆ ئێمە، عەباس محەمەد و حەسەن گەرمیانی دەهاتن لە ئاهەنگەكان بەشدارییان دەكرد لەگەڵمان لە بەغداشەوە بە دەیان پسپۆر و شارەزای موزیك سەرسام بوون بە ئاستی تیپەكەمان ئەمەش وایكرد بچێتە ئاستێكی بەرزتر، ئەوەی مایەی شانازی ئێمەیە توانیمان تێكست و موزیك دابنێین و گۆرانی تۆمار بكەین لەو ساتە وەختە سەخت و دژوارەدا، هەروەها زۆر بەرهەم هەبوو ڕێگای بڵاوكردنەوەیان نەدەدا ئەگەر پیاوانی ڕژێم بیانزانیبا گۆرانی نەتەوەییە، بۆیە ناچار بووین لەجیاتی ئەو بەرهەمانەی ڕەت كراونەتەوە گۆرانی دیكەمان ئامادە دەكرد .

*** تیپی هەولێر تاكەی بەردەوام بوو؟**

- لە ساڵی ١٩٧٧ یەكەم بەرهەممان بە ڕەش و سپی بۆ تەلەفزیۆنی كەركوك تۆمار كرد لە هەشت گۆرانی پێكهاتبوو بە ئامادەبوونی مامۆستا تاهیر تۆفیق كە گۆرانی (شیرینێ لەیلانێ)مان بۆی تۆمار كرد من موزیكەكەم ئامادە كردبوو، هەروەها محەمەد جەزا و ئیبراهیم سابیر و سەلاح محەمەد و ئازاد كەریمیش ئامادەبوون، لە ساڵی ١٩٧٨ لە بەغدا بە ڕەنگاوڕەنگ ٢٢ گۆرانیمان تۆمار كرد ئەمەش دەستكەوتێكی زۆر گەورە بوو، تیپی موزیكی سلێمانی كە لەگەڵمان بوون تەنیا ٨ گۆرانییان تۆمار كرد، دوو دەرهێنەر كە لە فەرەنسا هاتبوونەوە كاری زۆر جوانیان بۆ ئەنجامداین ئەوانیش عیماد بەهجەت وجەمال محەمەد بوون، لە ساڵی ١٩٨٠ نزیكەی ١٠ گۆرانیم ئامادەكرد بۆ هونەرمەندان حەمە جەزا،قادر زیرەك، ڕەحمان قوربانی، جەلال سەعید، عوسمان حوسێن، زۆربەی گۆرانییەكانی ئەم بەرهەمە میللی بوون ئەو كات تەنانەت كامگارانیش گۆرانی میللییان نەبوو، بڕیار وابوو ئێمە لە مانگی نۆ گۆرانییەكان لە بەغدا تۆمار بكەین لەوێ بووین كە جەنگی عێراق –ئێران دەستیپێكرد، بەداخەوە نەمانتوانی گۆرانییەكان تۆمار بكەین، دوای ئەوە هەندێك لە ئەندامانی تیپ بوون بە سەرباز و هەندێكیان ڕوویان لەدەرەوی وڵات كرد، من هەر بەردەوام بووم و لە ساڵی ١٩٨٢ بەرهەمێكمان تۆمار كرد كە چەند گۆرانی سەكەوتووی تێدابوو لەوانە (پەرێشانم) بە دەنگی عارەب عوسمان و (خۆشە ڕۆژێ) بە دەنگی نەجمەدین ئاوارە و (ئەرێ هۆ لەیلی)ی نیزام شوكر، لە ساڵی ١٩٨٤ دوا بەرهەممان وەك تیپی هونەری هەولێر تۆمار كرد، چونكە داوایان لێكردین سروود بۆ بەعس و سەدام بڵێین، بەڵام من ئامادە نەبووم سروود بڵێم و دانیشتم، دوای ئەوەش دەستم كرد بە نووسینی كتێبێك دەربارەی موزیكی كوردی، هەروها لە زنجیرە تەمسیلی (كۆلارە) دا چەند ئاوازێكم بۆ هونەرمەند زیاد ئەسعەد دانا كە زۆر سەركەوتوو بوون و وایلێهات خەڵك لە تۆمارگەكان دەیانكڕی، واتە لە ساڵی ١٩٨٤ دوایین بەرهەمی تیپی هەولێر پێشكەش كرا.

*** دوای ڕاپەڕین تۆ ماوەیەكی زۆر لە دەرەوە بووی، ئایا هەندەران چ سوودێكی بۆ تۆ هەبوو؟**

- شتێكی حاشا هەڵنەگرە كە هونەر لە سایەی ئاشتی و سەقامگیر بوونی بارودۆخی وڵات گەشە دەكات و پێش دەكەوێت بە پێچەوانەشەوە لە كاتی شەڕ و نائارامیدا دەوەستێت و بواری گەشەسەندن و پێشكەوتنی كەم دەبێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری دوای ڕێكەوتننامەی یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بكەین دەبینین ئەو تیپ و گروپە هونەرییە كوردیانە هەموویان ئەو كات دامەزراون وەك تیپی هەولێر و باواجی و تیپی سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠تا ١٩٧٤ مۆڵەتیان وەرگیراوە،

**لە ساڵی ١٩٧٨ لە بەغدا بە ڕەنگاوڕەنگ ٢٢ گۆرانیمان تۆمار كرد ئەمەش دەستكەوتێكی زۆر گەورە بوو**

**من یەكێكم لەوانەی زۆر حەز لە دەنگی فەیروز و كلارنێتی مستەفا كاندریالە، بەڵام من قەت حەز ناكەم كوردێك ببینم هەوڵ بدات سەد دەر سەد ئەوەی مستەفا كاندریال بژەنێت**

**●●●**

**مۆزیکی کوردی زۆر دەوڵەمەندە و هیچ پێویست ناکات ئێمە بەم شێوەیە سوود لە مۆزیکی گەلانی دیکە وەربگرین**

**●●●**

ئــەو رووداوە ناخۆش و نەهامەتیانەی کــە دوای راپەرین بۆ ماوەیەك هاتە ئاراوە وایکرد کە بەشـێکی زۆری رۆڵەکانی ئەم میللەتە سەریان هەڵبگرن و روو لە هەندەران بکــەن منیش یەکێك بووم لەوانەی لەبەر دڵگرانی رووم لە دەرەوە کرد و لە هۆڵەندا گیرســامەوە، لەویَ بارزان شاســوار و حوسـێن رەهبەر پەیوەندییان پێوە کردم بۆ ئەوەی بەردەوام بم، هەرچەندە من لە ســەرەتاوە زۆر گەشــبین نەبووم، بەڵام ناچاریان کــردم بگەڕێمەوە ناو کۆڕی هونەری کــوردی، یەکەم چالاکیمان لە ئەکادیمیای کوردی بوو لە ئەڵمانیا، لەویَ رۆژانە وانەی مۆزیکمان بە چەندین کچ و کوری کوردی ئەویَ دەدا، هەروەها کۆمێکمان دامەزراند بە ناوی ( کۆما باخچێ گولان)، لە ئەمیستردام رێکخراوێکی گەورە هەیە بە ناوی (ئایدە) ســەرۆکی رێکخراوەکە ناوی هێرمانە چووم بۆ لای فەرمانبەرێکی بەناوی(San Xratisma) زۆر شــارەزا بوو لە هونەری رۆژهەڵاتی نووســینگەیەکی گەورەی هەبوو تایبەت بوو بــە هونەری رۆژهەڵاتی، من داوای ئەوەم کرد کە بتوانن تیپێکمان بۆ دابمەزرێنن سەرەتا تیپێکیان بۆ دامەزراندین بە ناوی (دلارام) کە کورد و فارسی تێدا بوون، گۆرانیبێژێك لە تیپەکەدا هەبوو ناوی شازاد خان بوو دایکی خەڵکی سنەیە ئەو منی بە سەرۆکی تیپەکە دانا، لەگەڵ ئەو تیپە چەندین کۆنســێرتمان ساز کرد، دواتر لەگەڵ هیوا جەمال و مامۆســتا فاروق رواندزی و هونەرمەند رزگار رەنجەرۆ دوای ئەوەی چەند حەیران و لاوکێکمان تۆمار کرد تیپێکی هونەریمان دامەزراند بە ناوی تیپی ( شەهابە)،هەروەها من بە شانازییەوە دەڵێم بۆ ماوەی سێ ســاڵ وانەم بە خانمە هونەرمەند چۆپی گوتووە و لە یەکەم بەرهەمیدا گۆرانییەکی لە ئاوازی من بووە.

*** دوای ئەو هەمــوو ســاڵەی کە لە ئەوروپا بوویت تێبینی ئەوەت نەکرد کــە تێکەڵبوونێك هەیە لەنێوان مۆزیکی نەتەوەکان یان تا چەند سوود لە یەکتری دەبینن؟**

- تێکەڵبوونەکــە بەو شــێوەیە نییە کە تۆ دەیڵێــی، بۆ نموونە لە هۆڵەنــدا ســاڵانە میهرەجانێك دەکــرێ بۆ پەناهەنــدەکان بۆ ئەوەی کاری هونــەری خۆیان پێشــکەش بکەن جا گۆرانی بێت یان شــانۆ یان شــێوەکار یان هەر هونەرێکی دیکەی ئەو میللەتانە، حکومەتیش هەموو پێداویســتییەکیان بۆ دابین دەکات و ســاڵانە لە ١٠٠ تا ١٦٠ هەزار کەس ئامادە دەبوون ئێمەشیان بانگهێشت دەکرد، هەروەها ساڵانە میهرەجانێکیــان بۆ ئەو هونەرمەندە غەیرە هۆڵەندیانە ســاز دەکرد کە تەمەنیان لەسەرووی ٤٥ ساڵییەوەیە من جارێکیان بۆ ماوەی ٤ مانگ بەشــداریم لەو میهرەجانەدا کرد،لەویَ سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵەکەم ناســی کە مۆزیکژەنێکی پرۆفیشناڵی هۆڵەندی بوو ناوی(Bam) بوو پێــم گوت: من چەنــد پارچە مۆزیکێکم هەیە حــەز دەکەم تۆ کاری دابەشــکردنیم بۆ ئەنجام بدەی زۆری پێخۆش بوون بەڵام گوتی بــە پارە بۆت دەکەم،دوای مانگێك چــوار پارچە مۆزیکی بۆ ئامادە کردم دواتــر دوانیانم کلیپ کرد، (Bam)پێــی دەگوتم ئەم پارچە مۆزیکە نــە کوردییە نە هۆڵەندییە و تێکەڵبوونــی هەردووکیانە، لە ئەوروپــا تێکەڵبوون و هاوکاری نێــوان هونەری گەلان و هونەرمەندان بەم شێوەیەیە.

*** ئەگەر ی تێکەڵبوونی مۆزیك لە هۆڵەندا بەو شــێوەیە بێت ئەی لە کوردستان ئەم دیاردەیە چۆن دەبینی؟**

- مــن یەکێکم لەوانەی زۆر حەز لە دەنگــی فەیروز و کلارنێتی



مســتەفا کاندریال دەکــەم کە یەکێکــە لە باشــترین کلارنێت ژەنە کۆنەکان، بەڵام من قەت حەز ناکەم کوردێك ببینم هەوڵ بدات ســەدەر ســەدی ئەوەی مســتەفا کاندریال بژەنێت، چونکە نازانێت وەك ئەو بژەنێت،دوایی کــورد بۆچی خزمەتی هونەری میللەتی دیکە بکات، دەکرێ کلارنێت فێر بین و لە تەکنیك و پێشــکەوتنی ئەویش ســوود وەربگرین، هەروەهــا زۆر جار لە دەرەوە پرســیاری کلتوری کوردیت لێدەکەن، ئەگەر گوێیان لە کیبۆرد بێت نایەویَ، چونکە پێی ئاشنایە و حەز دەکات گوێی لە شــتێکی کوردی بێت وەك عود، سەنتور،تار، جۆزەی سەرچۆك،زەرب،دەهۆڵ، باڵەبان کە ئامێری کوردین،من دەڵێم ئاساییە ســوود لە جوملەیەکی عەرەبی یان تورکی وەربگیرێت، بەڵام ئەوەی ئێســتا هەیە کۆپی کردنە ئاوازێکی عەرەبی یان تورکی کۆن دەهێنرێ و دەنگێکی کوردی دەخرێتە ســەر، من دەپرسم ئایا دەکرێ تــۆ خاوەن کلتورێکی کۆنی مۆزیك بــی بچی تەقلیدی میللەتێکی دیکەی بکەیتەوە ئەمە وەك ئەوەیە کە کوردێك بهێنی چەفیە وعەگال یان جلی تورکی لەبەر بکەی ئەی جلە کوردییەکە کوا؟ بۆیە وا باشترە سوود لە مەقامی کوردی وەربگیرێ هەر لە حەیران و لاوکی هەولێرەوە تا دەگاتە قەتار و ئەڵلاوەیســی و مەقامەکان گەرمیان خورشیدی و ئای ئایی کەرکوك و سیاچەمانەو هۆرەی جافی، ناوچەی کرماشان



و لۆڕەکان گەنجینەیەکی تایبەتە لە موزیك، هەروەها هونەری ئەهلی حەق و کاکەیی و عەلەوییەکانی باکووری کوردستان کە خاوەن سەدان جۆرە مەقاماتن، پێویستە ئەمانە بکرێنە بناغەی هونەری کوردی، ئێمە لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول بڕیارماندا گوێ لە موزیکی عەرەبی نەگرین و سەید عەلی ئەسغەر و کاوەیس ئاغا و مریەم خان و دایکی جەمال وسیوە بکەین بە بناغەی موزیکی کوردی کە تاموچێژێکی کوردی هەیە، موزیکی کوردی زۆر دەوڵەمەندە و هیچ پێویست ناکات ئێمە بەم شێوەیە سوود لە موزیکی گەلانی دیکە وەربگرین .

*** ئەی باشە ناکرێ کارێك بکەین ئەوان سوود لە هونەر و موزیکی کوردی وەربگرن؟**

- نەخێر، چونکە هەمان شتە و فێڵێکە لە خۆمانی دەکەین، ئێمە وەك هەر میللەتێکی دیکە خاوەن گۆرانیبێژی خۆمانین، بۆ نموونە لە هەنگاریا بەر لە سەد ساڵ دوو موزیکژەنی ئەو وڵاتە (زۆلتان کۆدای و ڤیلان پارتۆك) هەستاون بە کۆکردنەوەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی خۆیان تا ئێستاش تیپەکانی موزیکی ئەو وڵاتە لەسەر ئەو ڕێچکە کۆنەی ئەوان بەردەوامن، چونکە پێیان وایە ئەوەی ئەوان لەو کاتە کردوویانە هونەرێکی ڕەسەنە و دوورە لە هەموو دەستکارییەك، خەڵك بەو شێوەیە خزمەتی هونەری خۆی دەکات، کەواتە من بۆچی ئاواز بۆ کوڕ و کچی کورد دانەنێم و پەیڕەو و پڕۆگرامێك دانەنێم کە نەوەی نوێ ئاشنا بکەم بە هونەری ڕەسەنی کوردی و ئامێرە موزیکییەکانی کوردی و پەیمانگا و کۆلێژەکان پەرەیان پێنەدەم بۆ ئەوەی ئەوانیش شانازییان پێوە بکەن، من مرۆڤێکی کۆنەپەرست نیم، جارێکیان هونەرمەند تەنیا ئیدریس داوای لێکردم راپی بۆ ئامادە بکەم ناچار بووم بۆ گۆرانییەکی کوردی راپم ئامادە کرد بۆیە ئاساییە سوود لە هونەری گەلان وەربگرین، بەڵام با بنەڕەتەکەی کوردی بێت، ئەوەی ئێستا هەیە بنەڕەتەکەی تورکی و عەرەبی و فارسییە و کارێکە بە مردوویی لەدایك بووە.

*** چۆن بتوانین لاوك و حەیرانی کوردی بپارێزین؟**

- لە ساڵانی هەشتاکانەوە ئێمە کۆمەڵە هونەرمەندێك بووین هەوڵماندا بۆ دروستکردنی پەیمانگایەکی تایبەت بە خوێندنی هونەری کوردی بەناوی (معهد الدراسات النغمیه الکردیه) ئێستاش پێویستمان بەم جۆرە پەیمانگایە هەیە ناوەکەی زۆر گرنگ نییە هەرچییەك بێت، ئەم پەیمانگایە قوتابی لە پۆلی سێیەمی ناوەندی وەربگرێت و خوێندن تێیدا بۆ ماوەی شەش ساڵ بێت، خوێندنەکەش زیاتر دەربارەی ئامێرە فۆلکلۆرییە کوردییەکان بێت وەك تەنبور، باڵەبان، دوزەلە، شمشاڵی ئاسن، زەرب، تەپڵی سێ پایەی تەکیە، نەقاری دوو تەپڵە، کەمانچەی سەرچۆك پێویستە کوردی فێری ژەنینیان بێت و مەقامە کوردییەکان بە نۆتە پێشکەش بکرێن بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای مەقام و ڕەزمە بێت، هەروەها شارەزای شێوەی گوتن و ئەدای گۆرانی و حەیرانبێژە کوردییەکان بن، تا وایلێدێ ئەگەر بیانییەك بڵێ کوا هونەری ڕەسەن و کلتووری کورد، نەیبەین بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان، چونکە تەقلیدی پەیمانگای بەغدایە و هیچ شتێکی تێدا نییە کە بۆ بیانییەکان نامۆ بێت، بیانییەکان زۆر گرنگی بە کلتور دەدەن هەر شتێکیان پێشکەش بکەیت ئەوا هەر پێت دەڵێن کوا کلتوری ئێوە بەداخەوە پڕۆژەی ئەو پەیمانگایەش بەر ئەنفال کەوت، چونکە ئەو کاتەی پرۆسەی ئەنفالەکان ئەنجامدرا ئەویش دواخرا، هیوادارم ئەمڕۆ دووبارە ببوژێتەوە .

*** ئایندەی گۆرانی و موزیکی کوردی چۆن دەبینی؟**

- زۆر گەشبینم بە ئایندە، چونکە ئێمە دەستمان بە کار کردووەتەوە بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی تیپی هەولێر، هەروەها لەگەڵ مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی قسەمان کردووە ئەوانیش پەنا بە خوا لە ماوەیەکی زوودا دەست بەکار دەکەنەوە لە تیپی سلێمانی بە هەمان شێوەی لەگەڵ مامۆستا زرار لە ڕواندوز و مامۆستا سەردار لە کۆیە بۆ ئەوەی تیپی باواجیش گڕو تینێك بە خۆی بدات، هەروەها لەگەڵ مامۆستا جەمال لە دهۆك و مامۆستا ڕەمەزان زامدار و هونەرمەندان لە کەرکوك لەپەیوەندییەکی بەردەوامداین هەر سەبارەت بە هەمان مەسەلە، بەڵام پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیر و بەرپرسانیش جیاوازی بکەن لەنێوان تیپێکی وەك تیپی هەولێر کە تەمەنی ٣٧ ساڵە لەگەڵ هونەرمەندێکی گەنج و هاوسەنگییەکی دروست بکەن، تیپی هەولێر شایەنی ئەوەیە کە بە هەموو شێوەی خزمەت بکرێت، بەداخەوە ئێمە هونەرمەندانی گەورەی ناوخۆ زۆر بە وردی دەبینین بە بەراورد لەگەڵ هونەرمەندێك کە تەنیا لەبەر ئەوەی چووەتە هەندەران گەورەی بکەین، پێویستە پشتگیری لە کاری دەستەکۆمەڵە بکەین نەك کاری تاکە کەسی، چونکە موزیك کارێکی بە کۆمەڵە.

**هونەر لە سایەی ئاشتی و سەقامگیر بوونی بارودۆخی وڵات گەشە دەکات و پێش دەکەوێت و لە کاتی شەڕ و نائارامییدا دەوەستێت**



# حەسەن و مەرقص و واقعی پێکەوە ژیان لە میسر

دوایین فیلمی ئەکتەری بەناوبانگی میسری عادل ئیمام کە هونەرمەندی جیهانی عومەر شەریف بەشداره لە پاڵەوانیەتییەکەی و بەم دواییە نمایش کراوە، باس لە کێشەیەکی گرنگی نێو کۆمەڵگای میسری دەکات کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بە شێوەیەکی بەرفراوان میسرییەکان پێوەی سەرقاڵن ئەویش کێشەی نێوان موسڵمانەکان و قبتییەکانی میسرە، لەم فیلمەدا بە وردی باس لەم کێشەیە کراوە، هەرچەندە رەخنەگرانی سینەمایی پێیان وایە زۆر بە وردی لە رەگ و ریشەی کێشەی یەکێتی نیشتیمانی و ئابووری و مێژوویی کێشەکەدا نەکۆڵیتەوە و گشت راستییەکانی وەك خۆی نیشان نەداوە.



لە جیاتی ئەوەی فیلمەکە چارەسەرێکی بنەڕەتی و هەمیشەیی کێشەکە دەست نیشان بکان، هەوڵیداوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ بڵێ (ئەگەر لە میسر کەس ئایین و مەزهەبی کەسێکی تر نەزانێت خۆشی دەوێت) بۆ نموونە موسڵمانەکان یەکتریان خۆش دەوێت و مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن مەسیحییەکانیش بە هەمان شێوە، ئەم هەڵوێستەش وایکردووە کە عادل ئیمامی مەسیحی کردووەتە موسڵمان و عومەری شەریفی مۆسڵمانیشی کردووەتە مەسیحی ئەمەش بە بڕیارێکی دەوڵەت ئەوەی دوای ئەوەی هەریەکیان لە لایەن تایەفەکەی خۆیەوە دووچاری کارێکی تیرۆریستی بووەوە،



ئەم تێکەڵ بوونە بە ئەنقەستە کە بووەهۆی گۆڕینی ئایینی هەریەکیان لە چوارچێوەی نمایش کردنی لایەنێکی کێشەکەوە دێت، بەڵام نەیتوانیوە چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، چونکە کێشەی نێوان موسڵمان و قبتییەکانی میسر زۆر لەوە قووڵتر بووە بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا بە پێچەوانەی ساڵانی سی و چلەکان کاتێك خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبوو هەرچەندە دەیانزانی کە ئایینیان جیایە.

لە ساڵانی چلەکان فوئاد جەزائیری فیلمێکی پێشکەش کرد بەناوی (حەسەن و مەرقص و کۆهین) کە



باسی لە هەمان کێشە دەکرد، بەڵام لە چوارچیوەیەکی کۆمەڵایەتی دوور لە مەسەلە ئاینییەکانی نێوان موسڵمان و جولەکە و مەسیحی، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەی جولەکەکانی میسر کەمی کردووە لەم فیلمەدا باسیان لێوە نەکراوە، تاریق شەناوی کە رەخنەگرێکی سینەماییە دەڵێ: دەوڵەت خۆی هۆکاری سەرەکی گەندەڵییە و پشتگیری لەدەزگا ئەمنییەکان دەکات بۆ ئەوەی دەست بخەنە نێو کاروباری هاووڵاتیانەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کێشەکە زۆر قووڵتر بێتەوە و بگاتە ئەو ئاستەی ئێستا دەیبینین، کاتێك گەنجێکی موسڵمانی میسری ناتوانێ ژن بهێنێ و ژیانێکی خۆشگوزەرانی بەسەر بەرێت پەنا دەباتە بەر مزگەوت، هەروەها کاتێك گەنجێکی مەسیحی بە مافەکانی خۆی ناگات و ئەو کارەی دەست ناکەوێ کە ئارەزووی دەکات و لە پلە و پایەکانی دەوڵەتدا هەر لە شوێنی خۆی دەمینێتەوە ئەویش بە هەمان شێوە روو لە کەنیسە دەکات ئەمەش زەمینەیەکی لەبار دەڕەخسێنی بۆ توندڕەوی کە خەریکە لە میسر سەرهەڵدەدات، ئەمەش وایکردووە کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان ببن بە کێشەی ئایینی.

فیلمەکە بە بەستنی کۆنگرەیەك دەست پێدەکات لە نێوان پیاوانی ئایینی موسڵمان و مەسیحی دەربارەی یەکێتی نیشتیمانی لە چوارچێوەی گفتوگۆی پیاوە ئایینییەکان لەو کاتەی کە هەر یەکیان ناکۆکی ناوخۆییان هەیە، لەو کاتەی کە دوو پیاوی ئایینی مەسیحی باس لە پشتگوێ خستنی کەنیسەکان و نۆژەن نەکردنەوەیان و دانەمەزراندنی مەسیحییەکان دەکەن لە لایەن دەوڵەتەوە، دوو پیاوی ئایینی موسڵمان باس لە هۆکارەکانی دەوڵەمەند بوونی مەسیحییەکان دەکەن و رەخنە لەوە دەگرن کە بۆچی هیچ سواڵکەرێکی مەسیحی لە میسر نابینرێت، عادل ئیمام رۆڵی پیاوێکی ئایینی مەسیحی دەبینێت بەناوی پۆلس و بە شێوەیەکی بابەتیانە باس لە ئایینەکان دەکات، بەڵام ئەمە دەبێتە مایەی توڕەبوونی توندڕەوە مەسیحییەکان هەر بۆیەش هەوڵی کوشتنی دەدەن و ئۆتۆمبیلەکەی دەتەقێننەوە، عومەر شەریفیش رازی نابێت سەرکردایەتی گروپێکی تیرۆریست بکات، کە پێشتر براکەی ئەمیریان بووە و کوژراوە، بە هەمان شێوە ئەندامانی گرووپەکە هەوڵی کوشتنی دەدەن، دەزگا ئەمنییەکان دێنە ناو کێشەکەوە و شوێنی نیشتەجێ بوون و ئایینی هەردووکیان دەگۆڕن، فیلمەکە لەو چوارچێوەیەدا باس لە جیاوازی ژیانی کۆمەڵایەتی هەریەکیان دەکات، دوای ئەوەی شێرازەی ژیانیان دەگۆڕێت دراوسێیە مەسیحییەکانی مەرقص کە خۆی حەسەن داوای بەرەکەت و رێنمایی و ئامۆژگاری لێدەکەن بۆ حەسەنیش بە هەمان شێوە، بەشێوەیەکی گشتی فیلمەکە راستییەك دەخاتە روو ئەویش ئەوەیە لە ئەنجامی نەبوونی لێکگەیشتن و دیالۆگ و توندڕەوی خەریکە کێشەیەکی ترسناك سەرهەڵدەدات لە نێوان موسڵمان و قبتییەکانی میسر و دەوڵەتی بە جۆرێك هەراسان کردووە کە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات ناکۆکییەکان بە بچووکی نیشان بدات.

دوای تەواوبوونی فیلمەکە عادل ئیمام رایگەیاند کە ئەو لەو باوەڕەدا نەبوو لەگەڵ عومەر شەریف دا کار بکات و ئەمە بۆ ئەو وەك خەونێك بوو و بە هیچ شێوەیەك چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد عومەر شەریف بەر لەوەی سیناریۆی فیلمەکە بخوێنێتەوە رازی بە بەشداری کردن لەم فیلمەدا کە لە دەرهێنانی رامی ئیمامە.

**سەرچاوە/ رۆژنامەی المصری**




# سەرنجراكێشترین ئەستێرەكانی هۆلیوۆد لە هاوینی ٢٠٠٨

بەرنامەی (The Insider)ی ئەمریكی كە تایبەتە بە هەواڵ و چالاكی ناودارانی جیهان لیستێكی بەناوی سەرنجڕاكێشترین ئەستێرەكان هۆلیوۆد بڵاوكردەوە كە بەم شێوەیە بوو

* براد بێتی ئەستێرەی سینەمایی بە سەرنجڕاكێشترین ئەستێرە لە مێژووی هۆلیوۆد هەڵبژارد، براد بێت كە لە ساڵی١٩٦٣ لە ویلایەتی ئۆكلاهۆما لە دایك بووە زۆربەی تەمەنی خۆی لە ویلایەتی میزۆری بەسەر بردووە بە یەكێك لە بەناوبانگترین و خاوەن زۆرترین جەماوەر دادەنرێت ئەمەش لەبەر لێهاتوویی و بەرزی ئاستی ئەو فیلمانەی كە بەشداری تێدا كردووە و زۆربەی ئەو فیلمانە پاڵێوراو بوون بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسكار.

جگە لەمە براد بێت بەوە ناسراوە كە توانای بەرجەستە كردنی رۆڵی جیاجیای هەیە و لە رووی كۆمەڵایەتیشەوە خاوەن كەسایەتییەكی بەهێزە، دوای ئەوەی لە جنیڤەر ئەنیستۆن جیابووەوە پەیوەندییەكی نوێی لەگەڵ ئەنجلینا جۆلی بەست و لەبەر ئەوەی ئەنجلینا باڵیۆزی نیاز پاكییە بۆیە براد زۆر هاوكاری دەكات و بەشداری لە زۆربەی كار و چالاكییەخێرخوازییەكانیدا دەكات لە سەرتاسەری جیهان.

* لە پلەی دووەم ویڵ سمێسی رەش تاڵە هات، ویڵ سمێس لە ساڵی ١٩٦٨ لە ویلایەتی پەنسلڤانیا لە خێزانێكی چینی ناوەندی لە دایكبووە، ژیانی هاوسەری لەگەڵ جادا پیكیت پێكهێناوە و دوو منداڵیان هەیە، سمێسی رو سووك جگە لە كاری نواندن یەكێكە لە ئەستێرەكانی موزیكی پۆپ لە ئەمریكان و چەندین جار خەڵاتی گرامی بەدەستهێناوە و خاوەن توانا و بەهرەیەكی زۆرە ئەمەش وای لێكردووە بە بەردەوام فیلمەكانی داهاتێكی خەیاڵییان هەبێت جا دراما یان كۆمیدی یان ئەكشن بن لەوانەش دوایین فیلمی ( من ئەفسانەم).

* ماسیۆ ماكۆنی بە پلەی سێیەم هات، ماسیۆ لە ساڵی ١٩٦٩ لە ویلایەتی تكساس لە دایكبووە باوكی بەنزینخانەیەكی هەبوو، سەرەتا بەشداری لە ریكلامە بازرگانییەكاندا كرد و بە لەش و ماسوولكەكانی ناوبانگی دەركرد بوو، هەر ئەمەش وایلێكرد روو لە تەلەفزیۆن بكات و لەوێشەوە بچێت بۆ شاشەكانی هۆلیوۆد و ببێت بە یەكێك لە پاڵەوانەكان، ماسیۆ بەشداری لە چەندین فیلمدا كردووە كە زۆربەیان فیلمی ئەكشن بوون بەناوبانگترینیان فیلمی (بیابانەكان و چۆن پیاوێك لە دەست دەدەی و مافی كوشتن) لەگەڵ ژمارەیەك لە زنجیرە و فیلمی تەلەفزیۆنی.

*بە پلەی چوارەم ریچارد گیری تەمەن ٥٩ ساڵ هات، گیر لە فیلادیلفیا لە دایكبووە سەرەتا لە رێگای موزیكەوە چووتە نێو جیهانی هونەرەوە، لە ساڵی ١٩٧٤ بە رۆڵێكی بچووك رووی لە كاری نواندن كرد هەرچەندە رۆڵەكەی بچووك بوو، بەڵام دواتر بوو بە یەكێك لە گرنگترین و بەناوبانگترین ئەستێرەكانی هۆلیوۆد و رۆڵەكانی كاریگەرییەكی زۆریان بەسەر جەماوەرە هەبوو. جوانی و سەرنجڕاكێشی گیر وایكرد فیلمە رۆمانسییەكانی زۆرترین داهات و ناوبانگیان هەبێت لەوانەش فیلمی (ئافرەتێكی جوان) لەگەڵ جۆلیا رۆبێرتس.

گیر ژیانی هاوسەری لەگەڵ كاری لویل پێكهێناوە و خاوەنی منداڵێكن ئەمە بەر لەوەی لە نمایشكاری پێشووی جلوبەرگ سیندی كراوفۆرد جیا ببێتەوە، گیر بەوە ناسراوە كە چەندین هەڵوێستی سیاسی هەبووە دژی سیاسەتەكانی حكومەتی چین و یەكێكە لەو كەسانەی پشتگیری لە كێشەی تبت دەكەن و زۆریش نزیكە لە دلای لاما، بۆیە هەندێك كەس پێیان وایە بە رەچەڵەك خەڵكی تیبتە.

* توم كروزیش بە پلەی پێنجەم هات، كروز یەكێكە لە ئەستێرە هەرە ناودارەكانی هۆلیوۆد بەتایبەتی لە فیلمەكانی ئەكشن و خاوەن زۆرترین كرێیە كە گەیشتووەتە ٢٠ ملیۆن دۆلار لە فیلمێكدا.

كروز لە ساڵی ١٩٦٢ لە نیویۆرك لەدایكبووە ئەویش لە ساڵی ١٩٨١ بە رۆڵێكی ناوەندی بەشداری لە فیلمێكی سینەماییدا كرد دواتر بوو بە ناودارترین ئەستێرەكانی هۆلیوۆد و هەمیشە ناوی لە سەرووی ئەو راپرسیان دەهات كە سەبارەت بە سەرنجڕاكێشترین ئەستێرەكانی هۆلیوۆد ئەنجام دەدران، ژیانی هاوسەرێتی توم كروز و نیكۆڵ كیدمان

نزیكەی ١٠ ساڵی خایاند دواتر جیابوونەوە ئێستاش لەگەڵ كاتی هۆلمز ژیانێكی نوێی دەسپێكردووە و منداڵێكیان هەیە.

**سەرچاوە/ رۆژنامەی (الخلیج)**

# هونەرمەندان خۆیان داوا لە حکومەت دەکەن سانسۆر لەسەر بەرهەمەکانیان دابنێت!



وشیار ئەحمەد ئەسوەد

بەردەوام قسە و باس سەبارەت بە قەیرانێك لە موزیك و گۆرانیی کوردیدا دەکرێت، ئەمەیان تا ئاستێك ئاسایی دەبینم، خۆ دەکرێ بۆچوونی جیاجیا لەنێو هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی بوارەکەدا هەبێت و، لەگەڵیدا باشترە دەربڕینی بۆچوونە جیاجیاکان دیالۆگی سوودمەند و هێمنانە لەخۆ بگرن. لە ڕاستیدا ئەوەی ئێستا لە نمایشکردنی بۆچوونەکان سەبارەت بە قەیرانەکە دەبینرێت زۆر جودایە لەوەی لە سالانی نەوەدەکاندا لەلایەن کۆمەڵێك نووسەری دیاری بوارەکەوە، دیالۆگی سوودمەند و هێمنانەیان لەبارەوە دەکرا، کە بەندەش یەکێك بووم لەوان، چونکە لە ڕاستیدا ئەودەم قەیرانەکە زەقتر بوو، هاوکات شەڕی حزبەکان ئەوەندەی دیکە بارەکەی ئاڵۆز کردبوو، بۆیە کەتواری ئەوسا کاریگەریی لەسەر تێکڕای بوارەکانی دیکەدا هەبوو، نەدەکرا هونەرمەندان خۆیانی لێدابڕێنن، یان کەتوارێك بوو دەبوو هونەرمەندانیش هێندەی قەبارەی خۆیان هەڵسوکەوتی لەتەکدا بکەن، بۆیە دەهێنێ سەبارەت بە قەیرانەکە، جیاوازییەك بخەینە نێوان سالانی نەوەدەکان و ساڵەکانی دواتری.

بەحوکمی ئەوەی ئەو دوو قۆناغە کەوتوونەتە نێو جیاوازیی گەورەوە، بۆیە سەیرە لە ئێستادا بۆچوونەکانی زۆرێك لە ئێمەمانانیش وەك خۆیان مابنەوە و گۆڕانیان بە سەردا نەهاتبێت. ئاخر ئەوەی ئێمە لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا باسمان لەبارەوە دەکرد، بەهیچ جۆرێك لەگەڵ ئەم قۆناغەی ئێستادا بەرجەستە نابێت، لەئێستادا هاوکارییەکان پتر بوونە و ئازادییەکانیش گەشەیەکیان پێوە دیارە، بۆیە سەیرە داواکارییەکانی ئێمەی خەمخۆرانی هونەر، هەمان ئەو داواکاریانە بێت کە لە نەوەدەکاندا دەمانخستنە بەردەم حکومەت و، داوامان دەکرد لیژنە پێکبێت بۆ هەڵاواردنی کارە هونەرییەکانمان، بێگومان هۆکارەکانیشمان دەخستە گەردنی بە تورکی و عەرەبی و فارسی کردنی سترانی کوردی، بێئەوەی ئاوڕێکیش لە ڕابردووی خۆمان بدەینەوە و ئەو میلۆدییانە دەستنیشان بکەین، کە هی میللەتانی تر بوون و هونەرمەندانی ئێمە دەیانگوتنەوە، پێدەچێ جارێ مابێتمان بگەینە ئەو ئاستەی بە بوێرییەوە خاڵە لاوازەکانی خۆشمان بخەینە بەر ئاماژەوە.

لێرەشەوە دەهێنێ ڕاستەوخۆ بێمە سەر بەرنامەکەی (ئێستای هونەر) کە سەتەلایتی کوردستان، وەك دیمانەیەك بۆ بەرپاکردنی دیالۆگ، سەبارەت بە قەیرانی موزیك و گۆرانیی کوردی، لەتەك کۆمەڵە هونەرمەندێکی بەڕێزدا نمایشی کرد. منیش بە پێویستی دەبینم ڕژدتر لەبارەیەوە بدوێین، چونکە پێوەستە بە تەواوی هونەرمەندانەوە و دیالۆگ هەڵدەگرێت.

بەر لە هەر شتێك دەخوازێ ئەوە بڵێین، لەم جۆرە بەرنامانەدا کە قسە لەسەر قەیران دەکرێت، بێگومان دەبێ لەگەڵ بۆچوونەکاندا، دژەبۆچوونیش هەبێت، کەچی ئەوەی ئێمە دیتمان پێچەوانەی ئەو پرەنسیپە بوو، چونکە هەموو ئەو بەڕێزانەی ئامادە بوبوون، بە یەك ئاراستە بۆچوونەکانیان دەردەبڕی، خۆ ئەگەر کەتوارەکە بەم شێوەیە بێت و هەموومان هەمان بیرو بۆچوونمان هەبێت، ئیدی شتێك نامێنێتەوە بەناوی قەیرانی موزیك و گۆرانی کە بکارێ لەبارەیەوە بدوێین. کەواتە دەبوو ئامادەکاری بەرنامەکە، بۆچوونە جیاجیاکانی کۆبکردایەتەوە و دیالۆگی لەنێوانیاندا بەرپابکردایە، نەك پەنابردن بۆ لێدانی دەرك و دەروازەی موجامەلەکردنی بەشێك لە هونەرمەندان، کە لە ڕێیەوە هەوڵ بدرێت بە ناوی پاراستنی ڕەسەنایەتییەوە، لەدیوێکدا کێشە شەخسییەکان بخرێنە ڕوو، بەدیوەکەی دیکەشدا هەوڵێکی دیکە بێت بۆ ڕاپێچکردنی سۆزی خەڵك بەناوی ڕۆحیەتیی کوردانە و ڕەسەنایەتیی سترانی کوردییەوە.

ئەوەی سەیرو سەمەرەیە، هونەرمەندان خۆیان داوا لە حکومەت دەکەن سانسۆر بخاتە سەر بەرهەمە هونەرییەکانیان، لەکاتێکدا هەموومان بەئاگاین لەوەی لەم ماوەیەی دواییدا سەبارەت بە یاسای ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا، ڕۆژنامەنووسان بۆ داکۆکیکردن لە ئازادییەکانیان، چ هەللایەکیان نایەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی سانسۆریان لەسەر لابچێت و ئازادییەکانیان پێشێل نەکرێت. تازە بە تازە ڕێژەیەك هونەرمەندی بەڕێز، کە زۆرینەشیان مامۆستان لە بوارەکەدا، بەناوی پاراستنی ڕەسەنایەتییەوە، یان بەرگرتن لە شالاوی بە عەربی و بەتورکی و بەفارسیکردنی گۆرانیی کوردی، داوای دانانی لیژنە دەکەن بۆ هەڵاواردنی ئەو گۆرانییانەی لەلایەن گەنجەکانەوە تۆمار دەکرێن، زیاتریش مەبەست لەو بەرهەمانەیە کە میلۆدییەکانیان، یان شێوازەکانیان کوردی نین، وەك ئەوەی وتنەوەی ئاواز و شێوازی بێگانە، دیاردەیەکی نوێ بێت و تازە هاتبێتە نێو هونەری کوردییەوە، بێئاگا لەوەی ئەم دیاردەیە لە هەموو جیهاندا هەیەو، شتێك نەماوە بەناوی پاراستنی ڕەسەنایەتییەوە مرۆڤەکان لە قاڵب بدات. بێگومان ئەمەش ڕەتکردنەوەی ڕەسەنایەتیی نییە، کە لەلای هەموومان جۆرێك لە پیرۆزیی دەنوێنێ، بەڵکو ئەوەی لەلای من ڕەتدەکرێتەوە، لەقاڵبدانی هونەرمەندان و کارە هونەرییەکانیانە بەناوی پاراستنی ڕەسەنایەتییەوە. ئەم داواکارییەی هونەرمەندانیش لە بەرنامەکەدا، دەبێتە سانسۆرێك لەسەر بەرهەمە هونەرییەکان، کە دواتر بەواتای پێشێل کردنی ئازادییەکانی تاك دێت.

تا ئێستا چەمکی ڕەسەنایەتی لەلای زۆرینەی هونەرمەندانی ئێمە دەقێکی جێگیری وەرنەگرتووە، بێگومان هۆکارەکەشی بۆ دیدە جوداوازەکان دەگەڕێتەوە، بۆیە تا ئەم دەمەش چەمکەکەی شێواوە، یاخود شێوێنراوە، شێواندنیش بەو واتایەی هەریەکە و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ڕەسەنایەتی دەڕوانێت و هەڵسوکەوتی لەتەکدا دەکات.

لەم سۆنگەیەوە دەهێنی باسی مامەڵە کردن لەتەك هونەرێکدا بکەین کە بە نارەسەن لێکدەدرێتەوە. بێگومان هونەری ڕەسەن و نارەسەنیش هەیە، ئەگەر زۆر بە کورتیش بمانەوێ لێکدییان جودا بکەینەوە، دیارە ڕەسەن لە چەمکی نەتەوەیی میللییدا خۆی دەبینێتەوە، نارەسەنیش ئەو میلۆدییانەن کە لە ئاوازو شێوازیشدا لە فۆڕمە میللییە کوردییەکە دوور دەکەونەوە. ئەمەیان پێویستی باسەکەی من نییە، بەڵکو ئەوەی بە گرنگی دەبینم لە بارەیەوە بدوێم، ئەو پرسیارەیە کە دەخوازێ وەڵامی لۆژیکییانەی بدەینەوە، ئەویش (ئایا میلۆدییە غەیرە کوردییەکان، بە ئێمە نامۆن و ڕەتیان بکەینەوە، یان یەك لە پێویستییەکانی قۆناغەکەن بۆ تێکەڵبوون و کرانەوەی هونەرەکەمان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا؟).

بەر لە هەر شتێك بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەخوازێ لە کێشە

تایبەتـــی و شەخســـییەکان دوور کەوینەوە، تا بتوانیـــن لەگەڵ لۆژیکدا ڕێبکەیـــن. ئەدی ئەگەر وانییە، خۆ دیاردەی شـــێواز و میلۆدییە غەیرە کوردییەکان، دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵکو تەمەنێکی دوورو درێژی هەیە و، زۆرینـــەی هونەرمەندە کۆن و گەورەکانی ئێمە، مامەڵەیان لەگەڵ ئەم جـــۆرە هونەرەدا کردووە، ئەگەر پێویســـتیش بخوازێت، دنیایەك نموونەمان لەبەردەستن. هاوکات کە باســـی ئەو هونەرمەندانەمان دەکەین، تێکڕامان بە هونەرمەندی ڕەســـەنی کوردی ناوزەدیان دەکەین. کێشـــە گەورەکەی ئێمە لەوێدایە کە باسی هونەری غەیرە کوردی دەکرێت، ڕاستەوخۆ باسی میللەتانـــی عەرەب و تورك و فـــارس دەکەین، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو میللەتانە دراوسێمانن.

ئەوەی بە گرنگی دەزانم بیخەمە بەر ئاماژەوە، بەشێك لەو بەرهەمە کۆنانەن کە دوور و نزیك عەرەبی و تورکی و فارسی نین، هاوکات پێوەست نابن بە میلۆدی و شێوازە کوردییەکانەوە، کەچی کەسیش قسەی لەسەر نەکردوون و نـــاکات، نموونەش وەك (گۆرانییەکانی هاروود باڵانجیان، یان زۆرینەی گۆرانییەکانی تیپی مۆســـیقای بابان، یاخود بەشـــێك لە گۆرانییەکانی سەڵاح نەجمەدین و..و..) زۆری دیکەش لە میلۆدییە ڕۆژئاواییەکان، کە لە قۆناغەکانی پێشووتردا تەواویان بە هونەری کوردی نامۆ بوون، وێڕای ئەوەش لەلای هونەردۆســـتانی ئەودەم، بە بەرهەمی نایاب و بەبایەخیشەوە وەردەگیران. نموونەیەکی دیکەش کە لە نووســـینێکی هونەرمەند ناسری ڕەزازی لە ســـایدی (چرا) دا هاتووە، زۆرێك لە گۆرانییەکانی حەســـەن زیـــرەك و ماملێ، میلۆدییەکانیان ئازەریـــن و کراونەتە کوردی. بێگومان ئەو میلۆدییانە بەهۆی بەرجەستە کردنیان لەگەڵ شێوازە کوردییەکەدا، تا ئەم دەمەش لەلای ئێمە بە هونەری ڕەســـەنی کوردی وەرگیراون، کەچی نەماندیت و نەمانبیســـتووە جارێك لە جاران، کەســـێك داوای سانسۆری لەسەر ئەو بەرهەمە نارەسەنانە کردبێت و یاساغبوونیان بە ڕەوا ببینێت.

لەوانەش واوەتر، ئەو ســـنوور بەزاندنەی ئێستا ڕێژەیەك لە هونەرمەندانی ئێمە خســـتوویانەتە بەر قسە و باس و تانەو تەشـــەرەوە، ساڵانێکی فرەیە باوی کۆن بووە و ســـواوە، ئەمەش نەك هـــەر لەلای کورد، تەنانەت لەنێو تەواوی میللەتانی دنیادا ڕەتکراوەیە. ئەوەتانێ تورك میللەتێکن و هونەری میللیی و ڕەسەنی خۆیان هەیە، لەپاڵ ئەوەشدا هونەرمەندانیان لە موزیك و گۆرانیدا، تەواوی ســـتایلەکانی دیکەی غەیرە تورکی بەکاردەبەن، دیارە ئەمەیان لەنێو عەرەب و فارس و تەواوی میللەتانی دیکەشدا بوونی هەیە، بەبێ خۆپارێزی هەڵســـوکەوت لەتەك هونەرەکەدا دەکەن، من وایدەبینمەوە ئەمە یەك لەو هۆکارانەیە کە دەتوانن ئاسانتر خۆیان بە تەواوی میللەتانی دیکە بناسێنن.

کێشەی گەورەی ئێمە لە ململانێ بێسەر و بەرەکەدایە، ململانێی نەوەکان لـــەلای ئێمە هێندە ئاڵۆز کراوە، گەیشـــتۆتە ئەو ئاســـتەی ئەقڵییەتەکان بەتەواوی یەکتر ڕەت دەکەنـــەوە، گەنجەکانیش زۆرترین دژایەتی دەکرێن و لەلایەن نەوەی پێشـــووترەوە ئاســـتەنگیان دەخرێتە بەردەم، هەوڵەکان بۆ دروستکردنی ئاستەنگ گەیشتۆتە ئاستێك، لەبری پاراستنی ئازادییەکان، داوا لە حکومەت بکرێت لەڕێی دانانی لیژنەی پسپۆڕەوە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان، سانســـۆر بخرێتە سەریان، کە پێموایە ئەمەشیان گێژاوێکە و هونەرمەندان تێیکەوتوون.

ئەوەی لە ئێستادا دەیبینین، ململانێکە دەرچۆتە دەرەوەی ئاوازو میلۆدییە غەیـــرە کوردییەکانـــەوە، ئەوەتا ئەمجارەیان باس لـــەو کلیپانە دەکرێت کە گەنجەکان دەیانهێننە بەرهەم، زیاتریش دژایەتیی جلوبەرگ و ســـەمای کچان لەنێو کلیپەکاندا دەکرێت، گوایە مەبەست تیایاندا وروژاندنی غەریزە سێکســـییەکانە. لە ڕاستیدا بە حەرامکردنی جلوبەرگی مۆدەی سەردەم و سەمای کچان لە گۆرانیی کوردیدا، لە سەمەرەترین بۆچوونەکانە. کاتێك ئیسلامێکی سیاسی ئەم جۆرە بۆچوونە دەردەبڕێت، زۆر ئاسایی دەبینرێت و دیوە دیموکراســـییەکە وامان لێدەکات هێندێك ڕێزیشی بۆ دابنێین، بەڵام کە هونەرمەندێك دەیەوێ مەدەنییانە خۆی دەربخات و لەگەڵیدا ئەم جۆرە بۆچوونە دەردەبڕێت، بێگومان هەقـــدار دەبین ئەگەر نیگەران بین. لێرەوە دەهێنێ پرسیارێکی دیکەش بوروژێنین، (ئایا ئەو هونەرمەندانەی باسی وروژاندنی سێکسییانەی کلیپە نوێیەکان دەکەن، لە گۆرانییەکانی خۆیاندا چەند جار باسی مەمك و سینەی ڕووت و شلکەی ڕان و ماچ و ..و..و.. کراوە؟ ) ئەدی ئەوە نییە هونەرمەند ناسری ڕەزازی لە گۆرانییەکدا دەڵێت (ســـەر گۆنای بەلێو دەگرم، مەمکۆڵانی بە پەنجە). من مەبەستم نییە لە وروژاندنی سێکســـیدا ئەو شیعرو گۆرانییانە ڕەخنە بکەم، بەڵکو ئەوە کەتواری گۆرانییە میللی و فۆلکلۆری و ڕەســـەنەکانی ئێمەیە، پاشـــان لە هەموو دنیادا بایەخ بە هونەری ســـەما دەدرێت و بۆ ئەو مەبەســـتەش چەندان پەیمانگەو ناوەنـــد و دەزگای هونەری بۆ ئەم هونەرە کراونەتەوە. ڕەنگە بگوترێ ئەو ســـەمایانە کوردی نین و بە کلتووری ڕەســـەنی ئێمە نامۆن، بەڵام خۆ لە نێو تێکڕای میللەتانی دیکەدا، هەڵپەڕکێ و هونەری میللـــی و دەرەوەی میللیش هەبووە و هەیە، خۆ زۆرێك لە ســـەماکان بە



هونـــەری میللی و نەتەوەیی تورك و عەرەب و فارســـیش نامۆن، کەچی لەنێو ئەو میللەتانەدا بایەخ و برەویشـــی هەیە. سەمای ڕۆژئاوایی ئێستا لەوە دەرچووە بە کلتووری میللەتێك تەماشـــا بکرێت، بەڵکو لەنێو تەواوی میللەتانی جیهاندا برەوی هەیەو بایەخی پێدەدرێت، لۆژیکیش ڕێگە نادات کورد خۆی لە تەواوی میللەتانی دنیا بترازێنێت.

هەرچی بێت، هەر بۆچوونێـــك دژە بۆچوون لەخۆ دەگرێت، کەوایە دەبوو ئامادەکاری بەرنامەکەی (ئێستای هونەر) ئەوە لەبەرچاو بگرێت، قەیرانێك بوونی هەبێت یان نەبێت، قەبارەکەشی هەرچەندێك بێت، کاتێك دەخرێتە نێو قسە و باسەوە و دەورووژێنرێت، دەخوازێ بۆچوونە جیاجیاکان کۆ بکرێنەوە و دیالۆگی لەبارەوە ســـاز بکـــەن، نەك ڕێژەیـــەك هونەرمەندی هاوڕا و هاوبۆچوون (وێڕای ڕێزم) لەبارەیەوە بدوێن و هەتوان بۆ برینی قەیرانەکان دەستنیشان بکەن.